# ئایا فراکسیۆن هەنگاوێکە بۆ ئینشعابێکی تر لە کۆمەڵە؟

16ژانویە2008

فەرزاد یارئەحمەدی

هاوڕێیانی ناسراو بە (خەتی کار کردن بە ناوی کۆمەڵە) چەند ڕۆژ لەمەوبەر بەیانێکیان دەرکردوە لە ژێر ناوی *"ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی کار کردن بە ناوی کۆمەڵە"* وە. لەم نوسراوەدا بە ئیشارە بە وتەکانی پێشوی خۆیان دیسان پێداگریان لە سەر هەڵوەشاندنەوەی حزبی کۆمۆنیست و کار کردنی سیاسی و تەشکیلاتی بە ناوی کۆمەڵە کردوە و پێیان وایە حزبی کۆمۆنیست تەنیا ناوێکە و دەبێ لە سەر کۆمەڵە لابچێت. هەر وەها داوایان لەو کەسانە کە خۆیان بە هاوبیری ئەم هاوڕێیانە دەزانن چ لە ناو تەشکیلات چ لە دەرەوە پشتیوانی خۆیان لە فراکسیۆن دەر ببڕن.

ئەو هاوڕێیانە لە چەندین گفت و گۆ و نووسراوەیاندا بە تایبەت بەیاننامەی فراکسیۆن باسی جیاوازی ڕوانین و هەڵوێستی فکری سیاسی خۆیان لە گەڵ خەتی ڕەسمی تەشکیلات دەکەن. هەرچەند بە دەیان جار لە لایان چەندەها کەسی هاو بیر و نەیار و بێ لایەن، داوایان لێ کراوە بە ڕوونی باسی ئەو بۆچوون و ڕوانگانە بکەن، بەڵام هەر خۆیان لێ لا داوە و هەرگیز بە ئاشکرا دانیان بەو بەند و خاڵانە نەناوە کە لە گەڵیاندا خۆیان بە ناتەبا دەزانن؛ بۆ؟؟ ئایا ئەم خۆ لادانە تەنیا بە مەبەستی ڕاکێشانی کەسانێک بەرەو لای خۆیان نیە، کە ئەگەر لە هەڵوێستەکانیان بە وردی ئاگادار بن ڕێی هاوپشتی لەوان هەڵنابژێرن؟

لە بەیاننامەی فراکسیۆندا باس لە کەش و هەوای چەوتی ناو تەشکیلات و سیاسەتی هەڵەی حزب کراوە و دەڵێن: *تەنانەت ئەگەر ئێمە هەمووشمان لە ژێر ناوی کۆمەڵەدا درێژە بە کاری ڕێکخراوەییمان بدەین، دیسان پێویستە ودەبێ چاو بە سەر گەلێک لە سیاسەتەکان، تاکتیک و شێوەکانی کاری ڕێکخراوەییدا بخشێندرێتەوە و ئاڵ و گۆری تێدا پێک بهێندرێ.*

هیچ تەشکیلاتێک بێ کەم و کووری نیە و تەشکیلاتی ئێمەش کەم و کووری تایبەتی خۆی هەیە و هەندێ لەو ڕەخنانەش ڕاستیێکە کە دەبێ زۆر بە جدی هەوڵ بۆ لابردنیان بدرێت. بەڵام ئەو هاوڕێیانە ئەگەر مەبەستیان هەرچی چاک کردنی باری تەشکیلات بێت! زۆر بە ڕوونی لەو شێوە نوقسانانەی بەڕێوە بردنی تەشکیلات و لە کارکردی ئەندامانێک ڕەخنەیان دەگرت و بۆ بە ڕۆژ کردنی سیاسەت و بیرۆکەی تەشکیلات (نەک گۆڕینی) پێشنیاریان ئەخستە بەر دەست و هتد. ئەوان ژێر بە ژێر لە گەڵ هاوبیرانیان پەیوەندیان گرتوە دانیشتن و کۆنفرانسیان ساز داوە. ئێستاش کێشەی خۆیان لە گەڵ بنەما فکری و سیاسیەکانی تەشکیلات لە چوارچێوەی ڕەخنە گرتن لە ڕێبەری کۆمەڵە و حزب دەربڕیوە لە حاڵێکدا خۆیان بەشێکن لەو ڕێبەریە. بەم هەموو ناشەفافیەتەوە کە ئەم هاوڕێیانە هەیانە، ئایا چ تەزمینێک هەیە بۆ ڕۆژێک کە ئەوان لە ڕێبەریدا زۆرینە بن ئەم کەم و کووریانە زۆر زیاتر نابن؟

ئەم هاوڕێیانە خۆیان بە کەسانێکی کۆمۆنیست و سۆسیالیست ناو بردوە و ڕەخنە لەو سۆسیالیسمە دەگرن کە حکا و کۆمەڵە داوای دەکەن و ئاماژەیەکی کورتیان بە سۆسیالیسمێک کردوە کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەل و مەرجی ئێستای ئێران و کوردستان، هەڵگری ئەو جۆرە سۆسیالیسمەیە.

باوەڕی خۆیان ئاوا دەربڕیوە: *لە ئێران و کوردستانێک کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان لانی کەمی پێشکەوتەییان نیە و پەرە سەندنی پیشە سازی لە گۆڕێدا نیە و ژێرخانێکی ئابوری لاوازی هەیە، دامەزراندنی سۆسیالیسم کارێکی زۆر زەحمەتە ورەنگە نا مومکین بێت. تازە ئەگەر هەل و مەرجێکی لەبار بۆ سۆسیالیسم پێک بێت، دامەزراندنی بە تاقی تەنیا لە ئێران سەر ناگرێ و ئەزموونی شۆڕشەکان و شکستەکانیان وای نیشان داوە.*

ئەگەر پەردە لە سەر ئەم دێڕە داماڵین دەگەڕێتەوە سەر هەمان قسەی کۆنی هەندێ لە حزب و کەسایەتی کە دەیانوت "کوردستان کارخانە و شوێنێکی پیشەسازی تێدا نیە و کرێکار و سەرمایەدار بوونی نیە و بۆ باس کردن لە سۆسیالیسم زۆر زووە". عەجەبا!

لە درێژەی بابەتەکەدا هاتوە: *سەرەتا دبێ بیر لە ڕاپەڕاندی ئەولەویەتە بنەماییەکان بکرێتەوە و هەر ئەم ئەرکانە دشواریەکانی سەر ڕێگایە کە سۆسیالیسمی لە وڵاتی ئێمە کردوە بە پرۆسەیێک کە لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی بەرە بەرەی خۆیدا ساز دەکرێ و سۆسیالیسم ئاڵ و گۆڕێکی یەک دا بە دوو نیە و مەودایێکی بۆ تێپەڕ بوون پێویستە.*

لێرەدا لە لایەکەوە باسەکە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە ئەگەر خوێنەر ئاگای لە بۆچوونی کۆمەڵە و حزب بەرانبەر بە سۆسیالسم نەبێ، وا تێ دەگات کە کۆمەڵە باوەڕی بەو پرۆسەیە نیە کە کۆمەڵگا پێویستە تێپەڕی کات بۆ پێک هاتنی کۆمەڵگای سۆسیالیستی. لە لایەکی تریشەوە، ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی دام و دەزگای دەوڵەتی سەرمایەداری لە ڕێگای شۆڕشێکی بەرینی کرێکاری بە شتێکی خەیاڵی دەزانن.

نامەوێ ڕا و بۆ چوونی کۆمەڵە سەبارەت بە سۆسیالیسم دوپات بکەمەوە چوونکا لام وایە لانی کەم کەسانێک کە ئەم باسانە تەعقیب دەکەن، لە زانستی بوونی سۆسیالیسمێک کە کۆمەڵە پێڕەوی دەکات ئاگادارن. ئەم سیستەمە کە ئەم هاوڕێیانەمان زور بە پێچ و پەنا و پڕێک شەرمەوە باسی لێ دەکەن هەمان "سۆسیال دێمۆکراسیە" کە نە لە ڕێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەڵکو لە ڕێی پرۆسەیەکی ڕێفۆرمیستی بە دی دێت.

سەبارەت بە "بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداری خەڵک لە کوردستان" ڕەخنەکەیان ئەوەیە کە ئەم بەرنامەیە هەمان بەرنامەی "حکا" یە و تەنیا بۆ ئەوەیە قسەیەک کرابێ و بەرنامەیەک درابێتە دەرەوە. هاوڕێیانی فراکسیۆن قەرارە لە داهاتودا ڕەخنە و پێشنیارەکانی خۆیان بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی عەمەلی بخەنە ڕوو. مەسەلی بانێک و دوو هەوا لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە. لە لایێکەوە دەڵێن "حکا" هەر "کۆمەڵە"یە و شتێکی تر نیە، لە لایەکەوە

دەڵێن ئەوە بەرنامەی "حکا" یە. هیواداریین ئەم هاوڕێیانە لە داهاتوودا بە ڕەخنەو پێشنیاری خۆیان یارمەتیدەر بن بۆ داڕشتنی وەها بەرنامەیەک کە باسی لێ دەکەن و هەر بۆ ئەوە نەبێ کە قسەیەکیان کردبێ.

ئەم هاوڕێیانە سەبارەت بە سیاسەتەکانی کۆمەڵە بۆ چارە سەری مەسەلەی میللی و هەڵس و کەوت بەرانبەر بە جوڵانەوە دێمۆکراتیک و خەڵکیەکان وەک بزوتنەوەی ژنان و خوەندکاران، زۆر لە ئینساف دوور کەوتوونەوە و بێ ئەوە فاکتێکیان هێنابێتەوە، ڕاستیەکانیان ئاوەژوو نیشان داوە. وا قسە دەکەن کە ئەننەهوو خۆیان لەو حزبەدا نین و لە دەرەوەی تەشکیلات سەیری ڕووداوەکان دەکەن. لە گەڵ ئەوەشدا کە سیاسەتی کۆمەڵە لەو بوارانەدا ڕەخنەی لە سەر بێ، بەڵام ئەوە بۆ کەس ناشاردرێتەوە کە بە درێژایی خەباتی، ئەوەندەی کۆمەڵە شەفافترین و عەمەلیترین و کەم زەرەرترین بەرنامەی بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی بووە و هەمیشە داکۆکی لە سەر مافی چارە نووسی میلەتان کردوە، قەت حزبە ناسیۆنالیستەکان نەیانبووە و نەیانکردوە و تەنیا سات سەودایان بەو مەسەلەوە کردوە. ئەوەندەی کۆمەڵە پشتیوانی لە خەباتی یەکسانی خوازانەی ژنان کردوە هیچ حزبێک لە کوردستان نەیکردوە. ڕەنگە کەسانێک، خەباتی ژنێکی کرێکار لە گەڵ ئعترازی ژنێکی سەرمایەدار کە لە ماڵەکەیدا ژنێکیتر خزمەتکاری بۆ دەکا بخەنە یەک تەرازوەوە. بەڵام لە ڕوانگەی کەسێکی کۆمۆنیست سەرەڕای ئەوە کە خەباتەکەیان بۆ لە ناو بردنی ستەمی جنسی بە یەک چاو سەیر دەکات، ناتوانێ ستەمێک کە لەو دوو ئینسانە دەچێت بە یەک ئەندازە پێوانە بکات. سەبارەت بە بزوتنەوەی خوێندکاران تا ئەو جێگە ئیمکانات ڕێگەی دابێ، لە ڕەنگدانەوە و پشتگری کردن و ڕێنوێنی کردنی ئەو بەشە لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵک درێخی نەکراوە. فراکسیۆن لە کۆتایی ڕاگەیاندنەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی تر عەمەلی نەبوونی سۆسیالسم بۆ ئێران دووپات دەکاتەوە و دەلێ *خەبات دەکا بۆ دابینکردنی خۆشی و ئاسایش و ئەمنیەت لە ناو کۆمەڵگادا و ڕاماڵینی نیزامی کۆنەپەرستی ئیسلامیش بە یەکەم هەنگاو دەزانێت.* لێرەدا لە حکومەتی شۆراکان یان حکومەتی سۆسیالیسی یا حکومەتێک کە ڕێ خۆشکا بۆ سۆسیالسم یان حکومەتێکی دەمۆکراتیک ناوێک نابرێ. خۆشی و ئاسایش و ئەمنیەت وشەگەلێکی جوانن، بەڵام دەیان ڕەوت و بۆچوون و حزب، لە ڕاسترین راستەوە تا چەپترین چەپ، لە کوردستان و لە جیهان، دابینکردنی خۆشی و ئاسایش و ئەمنیەت دوروشم و ئامانجیانە. بەڵام لە شی کردنەوەی ئەو ئامانجانە دەر ئەکەوی کە دابینکردنی ئەو خاڵانە بۆ کام بەش لە کۆمەڵگایە و کام بەش لەو کۆمەڵگا لێی بێ بەرین. بۆ نموونە ئەمریکا هەر بەو دروشمانەوە هاتوەتە ناوچەکە. سەبارەت بەوە کە ڕاماڵینی ڕژیمی ئیسلامی هەنگاوی یەکەمتانە، شتیەک لە مەوزوعەکە ناگۆڕێ. زۆربەی هەرە زۆری حزبەکانی کوردستان و ئێران یەکام هەنگاویان ئەوەیە و زۆربەشیان، هیچ کە پڕوایان بە سۆسیالیسم نیە بەڵکو زۆریش دژایەتی دەکەن.

لە گەڵ ئەوەدا کە چوار چێوە پیرۆز نیە، کۆمەڵە بە هۆی خەباتێکی ڕەوا کە ئینسانگەلێکی کۆمۆنیست و خۆشناو لەم ناوچەدا بەو ناوەوە کردویانە و دەیکەن و دەیان و سەدان کەس لەو ئینسانە شەریفانە لەو ڕێبازەدا گیانیان بەختکردوە، بووەتە ناوێکی خۆش و ڕەمزی سەرکەوتنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەو ناوچە. بۆیە زۆر ڕەوایە کە بەو ناوەوە کار بکرێت. جا چ لە گەل حزبی کۆمۆنیست بێ یان بە تەنیا. بەڵام مەسەلەی هاوڕێیانی فراکسیۆن ئەمە نیە. چونکا ئێستاش ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و ... هەر بە ناوی کۆمەڵەوە کار دەکەن. مەسەلەی ئەوان درێژەی کاردانەوەی گۆڕانی کەش هەوای سیاسی ناوچەکەیە کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە دەستی پێ کردوە. مەبەستیان گۆڕینی سیاسەت و ئامانجەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، کە بە دەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکار سەرەکی ترین ئامانجیەتی بۆ حزبێکی نا شۆڕشگێڕ و کاڵەوەبووی مەیلەو چەپ کە بتوانێ وەک سۆسیال دێمۆکراتێک لە گەڵ هەل و مەرجی ئێستای جیهانی ژێر دەستەڵاتی زل هێزە ئیمپریاکیستیەکان خۆی بگونجێنێ و لە گۆشەیەک لە جۆگرافیای ئێران لە دەسەڵاتدا شەریک بێت.

ئایا ئەم هاوڕێیانە بە دروست کردنی فراکسیۆن ڕێگە بۆ ئینشعاب خۆش دەکەن؟ بە لە بەرچاو گرتنی چەند ڕاستییەک وەڵامی پرسیارەکە "نا"یە. وەک لە نووسراوە و وتووێژ و فیلمی کۆنفرانسەکاندا دەبینرێن هاوڕیانی فراکسیۆن لە بۆچووندا یەک ڕەنگ نین و لە چەندین بیر و بۆچووندی زۆر یان کەم جیاوازدا پێک هاتون. کە پڕێک لە ناشەفاف بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیە. ئەم هاوڕێیانە ئەم زەرفەیان هەڵبژاردوە بۆ پەرەپێدانی خۆیان لە باری چۆنایەتی و کەمایەتیەوە. ئەگەر لە داهاتوودا توانیان بە گەورە کردنەوەی هەڵقەی خۆیان تەشکیلات بخەنە کۆنترۆڵ، ئەوە مانای ئەوەیە تەشکیلات هەر وەک ئەوان دەڵێن لە باری سیاسی وتاکتیک و شێوەکار و لەوانەیە ئیدۆئۆلۆژیەکەشی ئاڵ گۆڕی بە سەردابیت. هەڵبەت سەر گرتنی ئەمەیان بە هۆی بوونی زۆرینەیەک لە ناو تەشکیلات کە لەگەڵ ئەمان هاو خەت نین زۆر لاوازە. ڕەنگە کەسانێک هەبن کە بە ئیمزا پشتیوانی خۆیان لەم فراکسیۆنە دەر بڕن. بەڵام تەنیا بە ئیمزا تەشکیلات بەڕێوە نابرێت و هەمووی ئەو کەسانە بە هەر هۆیەک بێت توانایی کاریان نیە. هۆکارێکیتر تەجرەبەی ئینشعاباتی پێشوە کە خۆیان ئاکامەکانیان باش لە بەر چاوە و دەیانپارێزێ لە کاری بە پەلە.

زۆر حزب لە دەور و بەری خۆمان و لە جیهان و تەنانەت زۆر دەولەتیش هەیە کە لە وشەی سۆسیالیسم وەک ماکیاج کەڵک وەردەگرن، کاتێ بچیتە ناخی ئامانج و سیاسەتیانەوە، دەر دەکەوێ کە ئەم سیستمە و سۆسیالیسم کوجا مەرحەبا. تەنها قسە کردن لە چەپ و ناوی سۆسیالیسم بە بێ باس کردن لە جۆری ئەو سیستمە، نا شەفافیەتێکە کە ڕەنگە هەر ئەو مەبەستە بپێکێ کە پێشتر باسم کرد. هیوادارم لە باسەکانی داهاتودا ئەم هاوڕێیانە زۆر بە وردەکاری باسی بۆچوون و ڕوانگەکانیان بەرانبەر بە چەپ و سۆسیالیسم بکەن تا باشتر لە یەکتر تێ بگەین. هەر بژی کۆمەڵەی سۆسیالیست.